**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بریار:** ١٧

**مێژووی بریار:** ١٩٩٣/٣/٨

بەپێی حوکمی برگەی (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٣/٣دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣**

**یاسای یانسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان**

**مادەی یەکەم:** لیژنەیەك پێکدەهێنرێ بە ناوی لیژنەی یانسیبی ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتیی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان وجێگریی بریکاری وەزارەت ونوێنەری وەزارەتی دارایی وئابووری وتەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی وکشت وکاڵ وئاودێری وپەروەردە وپیشەسازی ووزەو ئەشغال ونیشتەجێ کردن بە پلە یەك کە لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

**مادەی دووەم:** لیژنەکە خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێ وبۆی هەیە هەموو چالاکییەکی قانوونی بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی بنوێنێ وسەرۆکەکەی لەبەردەمی دادگاکان ولایەنە رەسمییەکاندا دەبێتە نوێنەری.

**مادەی سێیەم:** لیژنەکە خۆی جۆرو شێوەی بلیتی یانسیبەکە ونرخی فرۆشتنی ورێکخستنی راکێشانی ورۆژەکەی وچۆنێتیی راکێشانەکە دیاری دەکا.

**مادەی چوارەم:** لیژنە دوای وەرگرتنی بریاری ئەنجومەنی وەزیران مافی خواستن (استعارة)ی فەرمانبەرانی لە وەزارەتەکانی هەرێم هەیە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی بۆ ماوەیەك کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ ودەشێ بۆ یەك جار نوێ بکرێتەوە.

**مادەی پێنجەم:** لیژنە بە لایەنی کەمەوە مانگێ جارێك کۆدەبێتەوە بۆ دەرکردنی بریاری پێویست لە بارەی ئەو کێشانەوەی پەیوەندییان بە یانەسیبەکەوە هەیە.

**مادەی شەشەم:** لیژنە بۆی هەیە لەسەر داواکردنی سەرۆك یاسێ لە ئەندامان کە داواکەیان دەدرێ بە سەرۆك کۆبوونەوەیەکی بە دەرەکی (أستثنائي) بکا وئەمیش دەبێ لە ماوەی یەك هەفتەدا لە رۆژی وەرگرتنی داواکەوە لیژنەکە بۆ کۆبونەوە بانگ بکا.

**مادەی حەوتەم:** کۆبوونەوەکانی لیژنە بە ئامادە بوونی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ولەگەڵیاندا سەرۆك وئەگەر نا جێگرەکەی ساز دەبن وبریارەکان بە زۆربەی دەنگی ئامادە بووان دەدرێن وئەگەر دەنگەکان وەك یەك بوون ئەو لایە زاڵ دەکرێ کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

**مادەی هەشتەم:** لیژنە دەبێ لە ماوەی هەفتەیەکدا لە رۆژی کۆبوونەوەکەوە بریارەکانی بنێرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران وئەگەر ئەنجومەن لە ماوەی پازدە رۆژدا نارەزاییی لەسەر دەرنەبرین-لە رۆژی سپاردنیانەوە بە ئەنجومەن بەسەلمێنراو دادەنرێن.

**مادەی نۆیەم:** لیژنە بووجەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دادەنێ کە داهات ومەسرەفی بۆ ماوەی ساڵێکی دارایی تەواو کە لە ١/ کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکاو لە ٣١/ کانوونی یەکەمدا کۆتایی دێ دیاری دەکا ولە دوای سەلماندنییەوە لە لایەن وەزیری داراییەوە کاری پێدەکرێ.

**مادەی دەیەم:** ئەگەر ساڵی دارایی داکەوت وبووجەکەی نەسەلمێنرا بوو لیژنە بۆی هەیە تا کاتی سەلماندنی بووجە نوێیەکە بە بریاری وەزیری دارایی کار بە بووجەی رابوردوو بکا.

**مادەی یازدەیەم:** حسابی ساڵانەی لیژنە دەکەوێتە ژێر رکێفی پشکنین وچاودێریی داراییەوە بە پێی یاسا.

**مادەی دوازدەیەم:** لیژنە دەبێ لە ماوەی سێ مانگدا لە رۆژی کۆتایی هاتنی هەر ساڵێکی داراییەوە راپۆرتی ئەو چاودێرە ژمێریارییە بدا بە وەزارەتی دارایی کە بە حسابی ئەو ساڵەدا چوتەوە لەگەڵ راپۆرتی ساڵانە لە بارەی کارەکانی لیژنەوە لەو ساڵە داراییەدا.

**مادەی سیازدەیەم:** پارەی کاشی لیژنە دەخرێتە یەکێك لە بانقەکانی هەرێمەوە وپارە لێراکێشانی بە ئیمزای سەرۆکی لیژنەو**فەرمانبەری** بەر پرسیار لە حسابی دەبێ ولیژنە بۆی هەیە هەندێك پارەکە لە دە هەزار دینار زیاتر نەبێ لە سنوقەکەیدا بۆ مەسرەفی دەم ودەست هەڵبگرێ.

**مادەی چواردەیەم:** وەزارەتی دارایی دەبێ هەندێ قەرزی درێژ خایەن بە بێ سوودی یاسایی (الفائدة القانونية) بدا بە لیژنە بۆ هەڵسووراندنی **کاروباری بە مەرجێ بە پێی توانای لیژنە بە قیستی ساڵانە بیداتەوە.**

**مادەی پازدەیەم:** داهاتەکانی لیژنە ئەمانە دەبن.

١) **ئەو قەرزانەی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەیدرێتێ.**

٢) **داهاتی راستەوخۆی یانسیبەکە.**

٣) **سوودی سپێردراو (ودائع) وپارە کاشەکانی خۆی.**

٤) **ئەو پارەیەی بە پێی ئەم یاسایە لە قازانجی ئەو کەسە دەردەکرێ کە بلیتەکەی بۆ دەرچووە.**

٥) **هەر داهاتێکی تر کە لیژنە دوای بریار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران قبووڵی دەکا.**

**مادەی شازدەیەم:** **نابێ کۆی خەڵاتەکانی ساڵێکی دارایی تەواو (٥٠٪) لە سەدا پەنجایی نرخی بلیتە فرواشراوەکانی ئەو ساڵە بێ.**

**مادەی حەڤدەیەم:** پوختەی داهاتی لیژنە لە یانسیبەکە وداهاتەکانی تری بە پێی لە پێشتری (الاولوية) وپلان ونەخشە سەلمێنراوەکان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پرۆژەکانی گەشە پێدان وئاوەدان کردنەوەی کوردستانی عیراق تەرخان دەکرێ.

**مادەی هەژدەیەم:** لیژنە بە یاسایەك هەڵدەوەشێتەوە کە چۆنێتیی پاکۆدانی ماڵ وموڵکی دیاری دەکا.

**مادەی نۆزدەیەم: ئەو خەڵاتانەی یانسیبەکە کە دەدرێن بە بلیت بۆ دەرچووەکە لە گشت باجێك دەبەخشرێن.**

**مادەی بیستەم: لیژنە لە (١٥٪) لە سەدا پانزەی پارەی خەڵاتی ئەو کەسەی بلیتەکەی بۆ دەرچووە گلدەداتەوە و وەك داهاتێك بۆ لیژنە تۆمار دەکرێ.**

**مادەی بیست ویەکەم: لیژنە ڕێژەی کۆمیسیون (العمولة) بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکا کە وەکالەتی فرۆشتنی بلیتی یانسیبەکەی دەدرێتی.**

**مادەی بیست ودووەم:** کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوك بێ.

**مادەی بیست وسێیەم:** وەزیری دارایی وئابوری وئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان بۆیان هەیە هەریەکە بەپێی تایبەتکاریی خۆی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**مادەی بیست وچوارەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکا.

**مادەی بیست وپێنجەم:** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان
کوردستانی عیراق

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەو بارو دۆخەی کوردستانی پێدا تێپەریوە وکاولکردنی ژێر خانی لە لایەن حکومەتەیەك لە دوای یەکەکانی عیراق وبەتایبەتی ڕژێمی ئێستای بەغداوەوپێویستیی بوونی پاڵپشتێکی دارایی بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەو جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی گەشە پێدان ولەبەر باری سەختی دارایی حکومەتی هەرێم ئەم یاسایە دەرکرا.

* * *

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ژمارەی بریار ٣٧**
**مێژووی بڕیار ١٩٩٢/١١/٢١**

**بریار**

بەپێ ی برگەی (١) ی مادەی «٥٦» لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ولەسەر پێشنیازی وەزیری کاروباری پێشمەرگە وبریار لە سەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٢١ دا ئەم بریارەی دا:-

١- بەمەبەستی نەمری دان بەیادی قوربانی یەکانی جەریمەی بوردمانکردنی (هەلبجە) ی شەهید بەچەکی کیمیاوی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا وبەنیازی وەفاداری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ی کوردستانی، ڕۆژی (١٦/ئازار) دەکرێتە ڕۆژی شەهید.

٢- ئەو ڕۆژە لە هەمووساڵێکدا بە ڕۆژێکی ماتەمینی ی ڕەسمی دادەنرێ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

٣- دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بریارە جێبە جێ بکا.

٤- ئەم بریارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە یەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز آغا**
**و. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عیراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ژمارەی بریار: ٧**
**مێژووی بریار: ١٩٩٣/٢/١٠**

**بریار**

پشت بە برگەی (١) لە مادەی (٥٦) لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق ژمارە (١) لە ساڵی ١٩٩٢/
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی (٨٣) لە ڕۆژی ١٩٩٣/١/٣١ ئەم بریارەی خوارەوەی دا:-

١- أ- کرێی هاتو چۆی فەرمانبەری پلە (١) دوو کورسی دەبێ

ب - کرێی هاتو چۆی فەرمانبەری پلە (٢) بە خوارەوە یەك کورسی دەبێ.

٢- ٤٠ دینار موخەسەساتی شەوانە سەرف دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کەمافی (٤) دیناریان هەبووە، بەپێی قانونی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٠

٣- ٣٠ دینار موخەسەساتی شەوانە سەرف دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە مافی ٣ دیناریان هەبووە، بەپێی هەمان یاسایی برگە (٢)ی سەرەوە

٤- (٢٥) دینار سەرف دەکرێ وەك خەرجی نیشتەجێ بەشی (٢و٣) بەپێ ی لیستی ئوتێل بۆ هەرشەوێك.

٥- أ- هەر فەرمانبەرێك کە دەگوازرێتەوە لەسەربەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە کەل وپەلی ماڵەکەی بگواز یتەوە بەگوێرەی نرخی کاتی گواستنەوە.

ب - ئەو فەرمانبەرەی کەبرگەی سەرەوە دەیگرێتەوە بۆی هەیە ئۆتۆمبیلێك بەکرێ بگرێت بۆ گواستنەوەی خێزانەکەی بەگوێرەی نرخی کاتی گواستنەوە

٦- لە سەر ئەنجومەنی وەزیرانە ئەم بریارە جێبە جێ بکا.

٧- لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عیراق**